سەرۆک وەزیران سەردانی بارەگای دەزگای هەواڵگری نیشتمانی کرد

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە سەردانیبارەگای دەزگای هەواڵگری نیشتمانی کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە" محەمەد شیاعسودانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کادیرە پێشکەوتووەکانی دەزگاکەئەنجامدا و پێداچوونەوەی بە [illegible] کارەکانی و پێکهاتە و بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئاستی کاریگەرییئەنجامدانی کرد لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردراوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ڕۆڵی نەتەوەیی و کاریگەری دەزگاکە لەپتەوکردنی ئاسایش و پاراستنی وڵات و سەروەرییەکەی لە هەڕەشە و بەرەنگارییە دەرەکییەکان، هەروەها پاراستنی سەقامگیری دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق لە بوار و ئاستە جیاجیاکاندا.